



**وانەی یەکەم: مێژووی مشتەکۆڵە**

**مشتەکۆڵە(بۆکسینگ) وەرزێکی دێرینە مێژوویەکی کۆن ورەسەنی هەیە. وەك چالاکییەکانی تر بۆکسێن لە سەردەمی کۆنیشدا ئەنجام دەدرا. بەڵگەش هەیە لە زۆربەی شارستانییەتە کۆنەکاندا لەسەر ئەنجامدانی ئەم یاریە لە رێگەی پەیکەر و وێنەکێشانی سەر دیوارەوە، کۆنترین بەڵگە بۆ ئەنجامدانی مشتەکۆلە دەگەرێتەوە بۆ میسری کۆن نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پێش زاینی. ئەم وەرزشە لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش زاینی خرایە ناو یاریەکانی ئۆلۆمپی کۆن لەلایەن ئەغریقیەکان. کە لەو کاتەدا پشتێنێکی چەرمی نەرم بۆ بەستنەوەی دەست و مەچەك بەکار بۆکسێنەرەکان بەکاریان دەهێنا بۆ پاراستن.**



**هەروەها شوێنەوار و ئەنتیکەکان دۆزاونەتەوە لە شارستانیەتی وادی رافیدەین و سۆمەری کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین. وە لە نەخشە بەردینەکان و تابلۆ گڵێنەکاندا دەرکەتووە کە یاریزانەکان جلێ بەرگی تایبەت بە بۆکسینگ لەبەر کردوە و دەستکێشی تایبەت لە دەست کردوە. لەمەوە روونە کە مشتەکۆڵە ناسراو بووە لەم شارستانییەتانە.**





وە لە سەردەمی دواتر لە شارستانێتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا، هەستان بە گۆرینی پشتینە چەرمەکە بە دەستکێشی بە کانزا چێنراو کراو . وە لە بەد بەختی بەشداربووان ئەوکات یارییەکانی مشتەکۆڵە لەو سەردەمەدا خوێناوی بووە و بە زۆری بە مردنی یەکێك لە پێشبڕکێکارەکان کۆتایی دەهات. وە مشتەکۆڵە کۆتایی هات بە شێوەی ناکاو لە مێژوودا لەگەل رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی.








دووبارە دەرکەوتەوە لە ئینگلتەرا لە سەدەی حەڤدەهەمدا، وە مشتەکۆڵەی رێکخراوی خولیاکاران بە فەرمی لە سالّی ١٨٨٠ دەستی پێکرد. لە سەرەتادا تەنها پێنج پۆلێنی کێش کێبرکێی لەسەر دەکرا (بانتام، لە ٥٤ کغم زیاتر نەبوو) (پەڕ ، لە ٥٧ کغم زیاتر نەبوو) (سوك، لە ٦٤,٥ کغم زیاتر نەبوو) (ناوەند، لە ٧٣ کغم زیاتر نەبوو) (قورس، هەرکێشێك).












تائێستا بۆكسێن لە پرۆگرامی يارييە ئۆلۆمپيەكاندايە، يەكەم پێشبركێی بۆكسێن لە يارييە ئۆلۆمپيەكان لە سەردەمی مۆدێرن ساڵی ١٩٠٤ لەشاری سانت لويس لە ئەمەريكا بوو. يارييەكان لە حەوت بەشی كێش پێكهاتبوون. دوای چەند ساڵێك، نوێنەرانی يەكێتيەكانی نيشتمانی مشتەكۆڵەی ئینگلتەرا و فەرنسا و بەلجيكا و بەرازيل و هۆڵەندا بەيەك گەيشتن لە كۆنفرانسی ئامادەكاری بۆ دامەزراندنی يەكێتی نێو دەوڵەتی مشتەكۆڵەی خولياكاران FIBA، وە ئاهەنگيان گێرا بۆ دامەزراندنی فەرمی لە ساڵێی ١٩٢٠ لەكاتی يارييەكانی ئۆلۆمپی لە بەلجيكا. پێشبركێ نێودەوڵەتييەكان بە خێرایی گەشەيان كرد، كە رێگەيدا بە خولياكاران پێشبركێ بكەن لە پاڵەوانێتيە ئاستبەرزەكان.



لە ساڵی ١٩٤٦ و لە دوای جەنگی جيهانی دووەم و بەهۆی هەندێك هۆكارەوە، يەكێتی نێو دەوڵەتی مشتەكۆڵەی خولياكاران (FIBA) هەڵوەشايەوە و كۆمەڵەی مشتەكۆڵەی خولياكارانی ئینگليزی بە هاوبەشی لەگەڵ يەكێتی مشتەكۆڵەی فەرەنسی برياری دا بۆ پێكهێنانی كۆمەڵەيەكی نێودەوڵەتی نوێ بە ناوی (AIBA) كە دەكات كورتكراوەی زمانی فەرەنسی Association Internationale de Boxe Amateur واتە كۆمەڵەی نێودەوڵەتی مشتەكۆڵەی خولياكاران. زۆر جاريش ووشەی خولياكارن بە كارنایێت لە زمانی ئینگليزی دەنووسرێت International Boxing Association بەڵام لۆگۆيەكە وەك خۆی دەمينێت. ئێستاش كۆمەڵەی نێودەوڵەتی مشتەكۆڵە بەردەوامە لە بەرێوەبردنی بۆكسێن بۆ يارييە ئۆلۆمپيەكان بۆ دەستەبەركردنی وەرزشێكی دادپەروەرانە بۆس وودی هەموو هەوادارانی هونەری رەسەن.





لە ساڵی ١٩٩٤ لە سێزدەهەمین کۆنگرەی AIBA لە پەکین لەگەل ١٨٧ یەکێتی نیشتمانی چەندین بریار درا، لەوانە دانپێدانانی بۆکسینی ئافرەتان. لە ساڵی ٢٠١٠ لە لایەن ئەنجومەنی جێبەجێکردنی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتییەوە پەسەندکرا بۆ چوونی مشتەکۆڵەی ئافرەتان ناو یاریەکانی ئۆلۆمپی ٢٠١٢ لە لەندەن مێژوو درووستکرا بە دەرکەوتنی مشتەکۆڵەی ئافرەتان بۆ یەکەم جار.





